کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# بۆ ئەو بەرپرسی لیژنە ناوچەکانی لقی یانزە کەوەڵامەکەیان نووسیووە

سەرەتا من حەزم لەو دەمەتەقێ و پێداچوون نییە، بەڵام ئەگەر منیش لەبەرامبەر نووسینەکەی ئەوان بێ دەنگبوومایە، دەکەوتمە قاڵبی ڕازی بوون بەنووسینەکەی ئەوان.

ئەوەی جێگای سەرنج بوو لەو وەڵامەی بەرپرسی ناوچەکانی لقی یانزە کەلە ٢٠٠٧/٦/٧ لەسایتی کوردستان نێتدا بڵاوکراوەتەوە ئەوەیە، کە هەست دەکرێت دانیشتنێکی باش کرابێت و لەلایەن بەرپرسەکەیانەوە ڕێنمایی کرابن.

چەند تێبینیەك دەخەمە بەردەستی جەنابیان بەو مەبەستەی کەمێك ڕاستیانە تر و واقیعبینانە وەڵام بدەنەوە نەوەك وەك ئەوەی کە لەوەڵامەکەی تردا بێ بنەمایی تێدایە:

١- من لەسەرەتا نووسینەکەم ئاراستەی ئەو بەڕێزانە (بەڕێزە)ی کەبەناوی بەرپرسی لیژنە ناوچەکانیەوە نووسیووەدەکەم، چونکە من دڵنیام کۆمەڵێك بەرپرسی ناوچە ئاگاداری ئەو نووسینە نین، لەبەرئەوەی بەرپرسی ناوچەی وا لەدەڤەرەکەماندا هەن، ڕاستییەکان باشتر لەمن دەزانن و خاوەنی مەوقیفی دیارن، بەڵام لەڕووی کاری حزبیەوە ئەو کارەیان پێسپێردراوە، وەگەرنا بەبەرپرسی لق ڕازی نین، کەکادیرانی پارتی بە (هێستر) بداتە قەڵەم.

٢- سەبارەت بەنەنووسینی ناوی خۆم لەبابەتەکانم دەگەڕێتەوە بۆ خراپی هەڵسوکەوتی جەنابیان لەهەمبەر کادیرانی پارتی لەناوچەکەدا، چونکە بەشێکیان لەو بەرپرسانە هەر خەریکی باخەڵ پڕکردن و ئاگاداری خەڵکی خەمخۆر و لێقەوماو نەماون.

٣- من بەچی لەڕابردووی خۆم بترسێم، کە هیچ بەرپرسیاریەتێکم نەبێت لەناو ڕیزەکانی پارتیدا لەلایەك و تاوەکو ئێستا جگە لەپارتی هیچ لایەنێکی تر نەبووم و خزمەتم بەکەس نەکردووە، لەهەمان کاتدا بەشێك لەجەنابیان خەباتگێڕی سەنگەری تر بوون و مەسڵەحەتی شەخسی هێناونیەتەوە ناو ڕیزەکانی پارتی، تەنانەت لەدژی پارتیش بەشداری شەڕی سارد و گەرم بوو ون، هەتا بەبەرپرسی لقیشەوە. (جەنابیان دەستی کەشف و دیارە)

٤- ریزەكانی پارتی ئەوەندە بێ هێز نین كە بەنووسینێكی ئاوەها سادەی من تێك بچن، چونكە هەموو ئەندام و كادیرەكانی دەڤەرەكە ئەو واقیعەی كەمن باسم كردووە دەیزانن، بەڵام نووسینەكەی من ئاراستەی سەرۆك بارزانی بوو بەمەبەستی چارەسەری كێشەكە.
٥- سەبارەت بەوەی كەلەنووسینەكەمدا ماستاوم بۆ جەنابی سەرۆك كردبێت، من باشتر لەوان جەنابی سەرۆك دەناسم، چونكە هەر لەیەكەم رۆژەوە لەگەڵ پارتیدام و پارتیم پێراستر بووە لەهەموو حزبەكانی تر، وەك پێشتر ئاماژەم پێكرد بەشێكی زۆر لەجەنابیان ئەو راستییەیان درك پێنەكرد بوو، هەتاوەكو مەسلەتی شەخسییان هاتە ناو پارتی و ئەوانیش تەشریفیان هێناوە. ئەو راستییانەی كەمن لەنووسینەكەمدا ئاماژەم پێكردبوو، ئەوان بەماستاوی تێگەیشتوون، بەو مەبەستە نووسیوومە تاوەكو پۆخڵەواتەكانی كاك هەڵۆ جوانتر و بەرچاو روونتر بن.
٦- سەبارەت بەوەی كەمن بەكرێگیراوێكی دەرەكی بم بۆ مەبەستی موخابەراتی كار بكەم، بەڕاستی ئەو قسانەی جەنابیان تەنها جێی گاڵتەكردنە، چونكە ئەو شتەی من نووسیوومن هەموویان واقیعن و چارەسەریان لەبەرژەوەندی پارتیمان دەشكێنەوە، بەپێچەوانەوە چارەسەر نەكردنیان بەخراپی بۆ سەر پارتی دەشكێتەوە. ئایا ئیشی من كاری موخابەراتییە یان خراپەكاری بەشێك لەجەنابیان دەرهەق بەئەندام و كادیرانی پارتی كاری موخابەراتییە.
٧- وەك لەسەرەتادا باسم كرد من ئەندامێكی سادەی پارتیم، چۆن نووسین ئاراستەی مەكتەبی سیاسی بكەم، لەكاتێكدا ئەو كارە بە (سیلسیلەی موراجەعە)دا دەبێت بڕوات، ئەوكات نووسینەكەی من هەر لەناوچەكانی جەنابیان دەخرایە زبڵدان و منیش دەكەوتمە بەر پرۆسەی دژایەتی كردن و قەڵاچۆكردن لەناو پارتیدا.
٨- لەبارەی قسەكردن لەگەڵ كارگێڕ و ئەندام لق و بەرپرسی ناوچەكان، من دڵنیام بەشێكی لە كارگێڕ و ئەندام لق و بەرپرسی ناوچەكان ئەوەندە خاوەنی هەڵوێست و خەمخۆری پارتین كە ئەو هەڵانەی كاك هەڵۆ قبوڵ ناكەن، بەڵام ئەوە فەرمانی جەنابی سەرۆك و مەكتەبی سیاسی كەكاك هەڵۆ بەرپرسی لق بێت، چونكە بەهێستر لەقەڵەمدانی ئەندام و كادیرە نەخوێندەوارەكانی پارتی باوك و برای زۆرێك لەجەنابیشیان دەگرێتەوە. بۆ ئەوەی كە قسەشم لەگەڵدا نەكردوون دەمزانی چەند كەسێكی ماوستاوچی كاك هەڵۆ بەرپرسی ناوچەن وەك نووسەرانی ئەو وەڵامە، بۆیە نووسینەكەم پێ باشتر بوو.

٩- سەبارەت وەڵامدانەوەی نموونەکانم جەنابیان سەرپشك نەکراوون لەوەڵامدانەوە، چونکە ئەوان ئاگاداری ئەو کارە نین، من وەڵام تەنها لەو کەسانە وەدەرگرمەوە کەباسمان لێکردوون کە کاك هەڵۆ بەئامادەبوونی ئەوان کەوتۆتە هەڵەوە، من لەنووسینەکەمدا دەڵێم کەکاك هەڵۆ لەکۆبوونەوەی لقدا لەگەڵ هەندێك لەکادیر و ئەندامانی لق ئەم نموونەیەی هێناوەتەوە وتبووی: "کاتێك شۆڕشی ماوتسی تۆنگ لەچین سەرکەوت هەموو کەس پاداشتی خۆی وەرگرت، دوایی ووتیان قوربان ئەو (هێستر)ەش لەشۆڕشدا زۆر ماندوو بووە، حەز دەکەین پاداشتی بکەیت، ئەویش لەوەڵامدا ووتی نەخێر، پاداشتی ناکەم چونکە خوێندەرواری نییە"، کەواتە وەڵام دەبێت لەلایەن ئەو کادیر و ئەندام لقە بەڕێزانەوە بێت کەئامادەی ئەو کۆبونەیەوە بوون، نەك بەرپرسی هەندێك لەناوچەکان کەدڵنیام بەناویانەوە نووسراوە. چۆن ئەوان داوای نووسینی ناو لەمن دەکەن، دەبێت ئەوانیش یەك یەك ناوی ئەوانە بنووسن کە وەڵامەکەی بەناوەوە دەنووسرێت، بۆ ئەوەی وەڵامێکی واقیعیانە بێت. خۆ ئەگەر ناویشیان بنووسن من ناتوانم دژایەتییان بکەم و قەڵاچۆییان بکەم چونکە هیچ بەرپرسیاریەتێکم نییە، وەك جەنابیان.

هەروەها لەنموونەکەی تردا دەبێت کەباسی سەردانی کۆلیجی زمانی زانکۆی کۆیە دەکەم دەبێت، جەنابیان واتە مامۆستایانی کۆلیجی زمان ئەوانەی سەردانی کاك (هەڵۆ)یان کردووە وەڵامم بدەنەوە نەك بەرپرسی ناوچەکان.

سەبارەت بەمنەت کردنی کاك (هەڵۆ) لەسەر کادیرانی پارتیش دەتوانن ئیستیفتایەکی دیموکراتی ناوخۆیی لەژێرچاودێری مەکتەبێکی ناوەندی بکرێت، ئاخۆ چەند کەس لەگەڵ ئەوقسانە مندا، نەك جەنابیان بنە دەمڕاستی ئەو خەڵکە دڵشکاوە و دەکەونە ماستاوچییەتی بۆ کاك هەڵۆ.

هەروەها سەبارەت بەو بەرپرسەی حزبە ئیسلامییەکەش کەباسی شکاندنەوەی کارگێڕ و ئەندامانی لقی کرد لەبەرامبەر ئەحزابەکانی تریش هەر جەنابیان سەر پشك نیین بۆ وەڵامدانەوە.

لەکۆتاییدا من دڵنیام کە ئەو وەڵامە لەژێر فشاری کاك هەڵۆ و هەندێ لەماستاوچیانی دەووریدا نووسراوە، ئەگەر من لەنووسینەکەی پێشووترمدا ماستاوم بۆجەنابی سەرۆك کردبێت، ئەوماستاوەکەم ناگەتە سەد یەکی چاکەکانی جەنابی سەرۆك و بنەماڵەی بارزانی، بەڵام لەوەڵامی جەنابیاندا ماستاوەکەیان بۆ کاك هەڵۆ سەدا سەد پێچەوانەی

چاكەكارییەكانییەتی لەدەڤەرەكەدا. ئەوەندەش دەڵێم كەرۆژێك دێت هەموو راستییەكان ئاشكرا دەبن و جەنابی كاك هەڵۆ لەگەڵ ئەو ماستاوچیەكانیدا چی وەڵامی خەڵكی دەدەنەوە. من هیچ مەبەستێكی شەخسیم لەدواوەی نووسینەكەم نییە، چونكە لەنووسینی یەكەمدا داوام لەسەرۆك نەكردووە كەكاك هەڵۆ لەبەرپرسیاریەتی لق لابەرێت، تەنها پێشنیارم كردووە جەنابی سەرۆك كاك (هەڵۆ) بانگ بكات و بۆ ماوەی یەك مانگ فێری ئاداب و جۆری مامەڵەی حەكیمی خۆیانی بكات.

كۆتا شێتك كەماوە بیلێم بە كارگێڕ و ئەندام و كادیرانی لقی یانزە و ئەندام و لایەنگرانی پارتی لەدەڤەری پشدەر و بیتوێن ئەوەیە، ئێوە خاوەنی شەهید و ماندووبوونن لەدەڤەرەكەدا، ئێوەش دەتوانن راستییەكان پشتڕاستر بكەنەوە بەنووسین لەسەر ئەو بابەتە.

لەگەڵ رێزمدا بۆ هەمووڵایەك...

**خەمخۆر و ئەندامێكی پارتی دیموكراتی كوردستان**